کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-4-2007 16:06 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# لەسەر بانگهێشتی پارتی کاری نەرویجی وەفدێک لەکوردستانەوە گەیشتە نەرویج ... زانا گەلالی

**نەرویج:**

ئەمرۆ 4/4 وەفدێک کە پێکهاتبوو لەرزگار عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و حەمەی حەمە سەعید لێپرسراوی مەلبەندی هەلەبجە، محەمەد ئەمین قائیمقامی خانەقی، ڤیان عەبدولمەجید لێپرسراوی سەنتەری جێندەری کورد، لەسەر بانگهێشتی پارتی کاری نەرویج گەیشتە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج.

لە فرۆکەخانەی ئۆسلۆی نێودەوڵەتی لە لایەن خاتوو سۆلاف خانەقینی ئەندامی پارتی کاری نەرویجی و ڕێکخەری بانگهێشتەکە پێشوازی کران و بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە ئەنجامبدەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.